


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵەچاوگەشەکانی کوردستان!
ئەم کاتەتان باش.

منداڵەکان ئێوە دەزانن کە ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر بەرانبەر «٢٠ نوامبر» ڕۆژی پەسندکرانی جاڕنامەی مافەکانی ئێوەیە. هاوڕێیانی دنیای منداڵان! ٢٩ی خەزەڵوەری ئەم ساڵ ٢١ ساڵ بە سەر پەسندکردنی جاڕنامەی مافی منداڵان دا تێپەڕی، ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا یادی ئەو ڕۆژە کرایەوە، ئەوەی جێگای سەرنج و لێ وردبوونەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی دا هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژە یاد دەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ساڵ لە دوای ساڵیش بارو دۆخی منداڵان لە جیهان دا خراپتر دەبێت. لە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی کە بۆخۆیان جاڕنامەی مافی منداڵانیان واژۆ کردووە بارودۆخی منداڵان باش نیە. لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان دا و بەتایبەتی لەوڵاتی ئێمەدا منداڵانی سەر شەقام زۆرن و بەهۆی گوێ نەدانی گەورەکان بە ویست و داخوازی منداڵەکانیان و نەبوونی ڕۆشنگەریی تەواو لە بارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی گەورەکان لە گەڵ منداڵان دا، بە داخەوە ئەو ڕێژەیە هەر لە زیادبوون دایە. بەشێکی زۆر لە منداڵانی وڵاتی ئێمە لە خوێندن بێبەشن. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ درێژەدان بە خوێندن، لە گەڵ ئەوەی یەکێک لە بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان ئەوەیە کە دەبێ خویندن لە قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی دا بە خۆڕایی بێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمە دا زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی کە ناتوانن بخوێنن یا درێژە بەخوێندن بدەن لە بەر زۆریی هەزینەی خوێندنە. لە وڵاتی ئێمە دا زۆرن ئەو منداڵانەی کە بە جێگای چوونە قوتابخانەو چێژ وەرگرتن لە دنیای منداڵیی خۆیان ناچارن خەریکی کرێکاری بن یا خەریکی واکس کردن یا کاروان بن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان. هەر لە وڵاتی ئێمەدا منداڵان لە لایان حکوومەتەوە زیندانی دەکرێن و زۆر جاریش لە سێدارە دەدرێن. ئەوەش لە کاتێک دایە کە ڕێژیمی ئێرانیش بۆ خۆی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە جاڕنامەی مافی منداڵانی واژۆ کردوە و بە ڕەسمیی ناسیوە بەو پێیەش دەبێ تەواوی بڕگە و بەندەکانی ئەو جاڕنامەیە بەڕێوە ببات.کەچی هەر وەک باسمان کرد ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵان پێشێل دەکات.





ئێمە وەک ستافی دنیای منداڵان وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی پەسند کردنی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان لە هەموو ئێوە منداڵە چاوگەشەکان، ئاواتە خوازین کە هەموو منداڵانی جیهان بتوانن بە خۆشی و شادی لە دنیای منداڵانەی خۆیاندا بژین و لە مافەکانیان بێبەش نەبن، ئەگەر بەرپرسان و حکوومەتەکانیش گوێ بە منداڵان نادەن لانی کەم دایکان و باوکان لە ئاستی منداڵەکانیان دا هەست بە بەرپرسایەتی بکەن و گوێ لەویست و داخوازیەکانی منداڵەکانیان بگرن و بە پێی توانا پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن.




شاعیری شۆڕشگێڕو دانەری شێعری سروودی نەتەوەیی «ئەی رەقیب» دڵداری نەمر ناوی یونس کوڕی مەلا رەئوفی کوڕی مەحموودی کوڕی مەلا سەعدی خادیمول سوججادەیە.

پێش ٩٢ ساڵ لەمەوبەرو رۆژی ٢٠ ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ی زایینی، ئەم رۆڵە هەڵکەووتووەی کورد لە شاری کۆیە لەدایک بوو.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە رانیەو کۆیە تەواوکرد.

دڵدار دوای تەواوکردنی کۆلێژی یاسا، بووە بە پارێزەرو لەڕێی پیشەکەیەوە خزمەتێکی زۆری زولملێکراوانی کردوە.

یونس هەر بە منداڵی بەهرەی شێعریی و خولیای خوێندنەوەی تێدا دەرکەوتوە. پاشان لەڕێی دیوانەکانی (حاجی قادری کۆییو پیرەمێردو بێکەسو وەفاییو کوردی)یەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکی کوردو مەینەتییەکانی نەتەوەکەیدا پەیداکردوە.

یەکەمین شێعری لە ساڵی ١٩٣٥لە گۆڤاری (رووناکی) دا بڵاو کردوەتەوەو ساڵی ١٩٤٠ کە لە شاری کەرکوک خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بووە، تێکەڵاوی چالاکییە سیاسییەکان بووەو لە دامەزراندنی حزبی هیواو پێشخستنی خەباتی رێکخراوەییدا رۆڵی گەورەی بینیوە.

دڵداری شاعیر بایەخێکی زۆری داوە بە مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان، هەر بە تەنیا لەبواری شیعرو ئەدەب دا خزمەتی نەتەوەکەی خۆی نەکردوە، بەڵکو هەوڵی داوە بوارەکانی تری زانستیش تەرخان بکات بۆ پێشخستنی کۆمەڵ، هەر بۆیە لە مەسەلەکانی فەلسەفەو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا چەند بەرهەمێکی بە پێزی بۆ نەتەوەکەی بەجێ هێشتوە. دیوانە شێعرییەکەشی کە سروودی ئەی رەقیب سەر تۆپی بەرهەمەکانێتی پڕە لە شێعری بەهێزو بەرهەمی ناوازە.

ئەم شاعیرە هەڵکەوتووە رۆژی ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨ لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی گەورەی هەولێر بە خاک سپێردرا، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا تەرمەکەی گوازرایەوە بۆ شاری کۆیە لەوێ بە خاک سپێردرا.

ئامادە کردنی: سارێژ

## گەنمە شامی

گەنمە شامی خۆراکێکە لە هەموو جۆرەکانی وزەی تێدایە. گەنمە شامی: بە عەرەبی پێی دەوترێت (الذرة)

بە ئینگلیزی دەبێتە کۆرن (corn)

و ناوە زانستیەکەی زی مایزە ( zya mays) لە وڵاتی شام پێی دەوترێت ( گەنمی زەرد) و لە میسر بە (گەنمی تورکی و گەنمی شامی) ناسراوە، بەڵام لە هۆڵەندا پێی دەڵێن: (گەنمی تورکی) و لە فەرەنسا پێی دەوترێت (گەنمی ئیسپانی) و لە ئەفریقا پێی دەوترێت ( گەنمی ئارد) و لە باشووری مەکسیک پێی دەوترێت (گەنمە شامی). لە دۆڵی روباری ( بالساس) دەستی پێکردوە و خەڵکی مەکسیک ئەو دەنکە گەنمەی لای ئێمە ناسراوە بەکاری دێنن. ئەوان لە دوو جۆری کۆن گەشەیان پێداوە. تەمەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢هەزار ساڵ لەمەوبەر.



کۆنترین گەنمە شامی لە ئەشکەوتی (ناکیتس گیلا ) لە دۆڵی (ئۆکسای) دۆزرایەوە.

ئا: رەوەز فەلاحی

سەرچاوە: کتێبی «سروشت دەرمانە»

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





ڕۆژێکیان کچێکی بچووک لەلای دایکی کە خەریکی چێشت لێنان بوو دانیشتبوو،

لە پڕ لە دایکی پرسی: دایە ئەو دوو سێ تاڵە سپیە بۆ کەوتۆتە سەرتەوە؟

دایکی گوتی: هەر کات تۆ کارێکی خەراپ دەکەی تاڵێکی قژی من سپی دەبێ،

لەو دەمەدا کچەکە گوتی: ئەوە بۆیە دایە گەورەم تەواوی سەری سپی بووە!!

کوڕ: باوکە بیرت دێت پێت گوتم یەکەمجار کە ئوتۆمبێلەکەی باوکم لێخوڕی ئوتۆمبێلەکەم بەتێکشکاوی هێنایەوە؟

باوک : بەڵێ.

کوڕ: ئەی ئەوەت بیردێت کە گوتت مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟

باوک: بەڵێ.

کوڕ: دە باوکە گیان ئەمڕۆ جارێکی تر مێژوو دووبارە بووەوە.

****

به نەخۆشێک دەڵێن بۆحەبەکانت لەکاتی خۆیدا ناخۆیت؟

نەخۆش: دەمەوێت سەر لەمیکرۆبەکان تێک بدەم.

دیاری خانی سۆفی



# فێربوونی زمانی کوردی

## ئەلف و بێ

پیتی «ب»

با پیتی «ب»ێش بخوێنین
ئەو مەتەڵەش هەڵێنین
دە بزانە چی پێ ئەکرێ
بەو پیتە چی دەنووسرێ
برۆا و بەهار و باران
باڵندەی بەر نساران
بزەی بەناز و بۆران
بەهەشتی دوور لە تۆران
باب و براش بەڕێزن
بۆ ئێمە پشت و هێزن
بزانین بە «ب» چ نووسرا
باوەڕ و باب و برا
ئەو گشتە وشە جوانە
بەو شێعرە خنجیلانە
بەو پیتە دەست پێ دەکەن
گشت سوپاسی بێ دەکەن




هۆزان

# مارکۆپۆلۆ کێ بوو؟

پیاوێکی ئیتالیایی خەڵکی شاری وێنیز بوو. ئەو گەڕیدەیەکی بە ناوبانگ بوو. لە ساڵی ١٢٦٠ زایینی لە گەڵ بابی و مامی لە شاری وێنیز بۆ چین، شاری پەکەن سەفەریان کرد کە ئەو کات پێتەختی قۆبیلای قائان بوو. ئەو یەکەمین ئورووپاییەک بوو کە پێی نایە خاکی چین. مارکۆپۆلۆ لە گەڵ قۆبیلای قائان دۆستایەتی و ناسیاوی پەیدا کرد و قۆبیلا مارکۆپۆلۆی بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری بۆ زۆربەی وڵاتانی ئاسیایی وەک:(هیندووستان، سیلان، جاو و تەبەت) نارد.



مارکۆپۆلۆ دوای ساڵانێکی زۆر وێڕای سامانێکی زۆر لە زێڕ و ئاڵتوون گەڕایەوە وێنیز. ئەو چیرۆکی زۆر سەیر و سەمەرەی لە بابەت قۆبیلای قائانەوە دەگێڕاوە، بەڵام زۆربەی خەڵک باوەڕیان بە قسەکانی ئەو نەدەکرد. مارکۆپۆلۆ چۆنیەتی ڕووداوەکانی سەفەرە درێژەکەی خۆی لە کتێبێک بە ناوی:(سەفەرنامەی مارکۆپۆلۆ) نووسیوەتەوە.

وەرگێڕان: تری بۆکانی

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی * دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com
دنیای منداڵان

# گوێدرێژی عاقڵ

ڕۆژێک پیاوێکی لادێیی کۆڵەبارێکی لە پشتی گوێدرێژەکەی دەنێ و بۆ خۆشی سواری پشتی دەبێ و بەرەو شار وەڕێ دەکەوێ. بەڵام ئەو گوێدرێژە بەستەزمانە زۆر پیر و بێ تاقەت دیاربوو و ڕیگایەکی دوور و درێژ و ناخۆشیشی لە پێش بوو. گوێدرێژەکە کە هەروا بە ڕێگادا دەرۆیشت، لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو ببوو چیتر توانای نەمابوو. هەر بۆیە لە نیوەی ڕێگادا قاچی لە ناو قوولکەیەک دەکەوێت و دواتریش قاچی دەشکێ. هەر بۆیەش خاوەنەکەی کۆڵەبارەکەی لە پشتی خۆی قایم دەکا و گوێدرێژی فەقیریش لەو دەشتە بە تەنیا بەجێ دەهێڵێ.

گوێدرێژی بەستەزمانیش کە بە تەنیا لەوە دەشتە مابۆوە لە بەرە خۆیەوە گوتی: تەمەنێکی زۆرم بۆ ئەو پیاوە بێ ویژدانە کار کرد کە چی ئێستا لەو دەشتە بە تەنیا بەجێی هێشتم؟

گوێدرێژ بە نائومێدی یەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد کە لە ناکاو چاوی بە گورگێک کەوت کە بەرەو ڕووی دەهات. گورگیش کە لە دوورەوە چاوی بە گوێدرێژ کەوت زۆر خۆشحاڵ بوو و لە خۆشییان هاواری کرد و زوو لە گوێدرێژ نزیک بۆوە تا بیخوا.

لەو کاتەدا گوێدرێژ بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ساغ بوایە دەیتوانی لە دەستی گورگەکە ڕابکا، بەڵام وتی ئێستاش نابێ نائومید بم و خۆم تەسلیمی گورگ بکەم، گرنگ نیە قاچم شکاوە دەبێ لە مێشکم کەڵک وەرگرم و بیرێکی باش بکەمەوە تا لە دەست ئەو گورگە رزگارم بێ. هەر زوو پلانێکی دارِشت و بە زەحمەت لەسەر زەوی هەستایە سەرپێ. بەڵام نەیدەتوانی هەنگاو هەڵێنێتەوە، هەر کە گورگەکە لێی نزیک بۆوە وتی: ئەی سەروەری هەموو دڕندەکان سڵاو! گورگ لە ڕەفتاری گوێدرێژ سەری سووڕما بۆیە پێی وت: « سڵاو! ئەوە بۆچی لێرە خەوتبووی؟ گوێدرێژ وڵامی دایەوە: نەخەوتبووم، بەڵکوو کەوتووم و زۆریش نەخۆش و بێحاڵم، ئێستاش ناتوانم لە جێی خۆم بجووڵێم، ئەوەی دەڵێم بزانی کە هیچم لە دەست نایە، نە دەتوانم ڕابکەم و نەدەتوانم لەگەڵ تۆ شەڕ بکەم و ئێستاش لە ئیختیاری تۆ دام. بەڵام پیش ئەوەی تۆ من بخۆی داوایەکم هەیە.

گورگ وتی: چیت دەوێ داواکەت بڵێ هەتا جێ بە جێی بکەم.

گوێدرێژ وتی: گورگی بەرێز ڕاستە کە من گوێدرێژم، بەڵام گوێدرێژیش هەتا گیانی هەبێ گیانی شیرینە. هەروەک کە گیانی مرۆڤ بۆخۆی شیرینە هەرچەند کە مەرگی من نزیک بۆتەوە و گوشتی منیش بە نسیبی تۆ دەبێ و منیش بەوە ڕازیم و نۆشی گیانت بێ. بەڵام تکات لێ دەکەم تا کاتێک کە نەمردووم لە خواردنی من پەلە نەکەی و لە خۆڕا خۆت تووشی گوناح نەکەی. ئێستا دەست و قاچی من دەلەرزێن و بە زۆری خۆم بە سەر پێوە ڕاگرتوە هەتا چەند خولێکی تر بۆخۆم دەمرم. بەڵام من پێش ئەوەی بمرم دەمهەوێ چاکەیەکت لەگەڵ بکەم، شتێکت پێ دەڵێم کە تۆ لێی بێ خەبەری، دەمهەوێ بیدەم بە تۆ تا بتوانی سەد گوێدرێژی دیکەی پێ بکڕی. گورگیش وتی: داواکەت قەبووڵ دەکەم، بەڵام ئەو شتەی کە تۆ باسی دەکەی لە کوێیە؟ گوێدرێژ بە پارە دەکڕدرێ نەک بە قسە کردن.



گوێدرێژ وتی:تۆ ڕاست دەکەی منیش دەمهەوێ زێڕی خالیس بدەم بە تۆ، جوان گویم لێ بگرە خاوەنەکەم پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە و زێڕ و زیوێکی زۆریشی هەیە، چونکە من لە لای ئەو زۆر نازدار بووم باشترین ژیانی بۆ من دابین کردبوو. ئاخوڕەکەمی لە بەردی مەڕ مەڕ سازکردبوو، تەویلەکەم بە خشت و کاشی سازکرابوو. هەروەها کورتانەکەشم بە پارچەی حەریر دروابوو، و بەجێی کا و جۆ نوقڵ و نەباتی دەدامێ. هەر بۆیەش گۆشتکەم زۆر شیرینە. نالی دەست و قاچیشم لە زێڕ سازکراون. بەڵام من ئەمڕۆ بێ ئیزنی خاونەکەم لە ماڵ هاتبوومە دەرێ بۆ گەشت لێدان کە لە ناکاو حاڵم تێک چوو. ئێستاش چونکە تۆ گورگێکی باشی دەتوانی بێی و نالی دەست و قاچم کە لە زێڕ سازکراون لێیان بکەیەوە و بیانبەی و سەد دانە گوێدرێژی پێ بکڕی. وەرە چاوی لێ بکە کە ناڵەکانم چەندە بە قیمەتن.

گورگیش کە تەماع گرتبووی، چووە پێشەوە تا سەیری ناڵی گوێدرێژ بکا، هەر کە لە گوێدرێژەکە نزیک بۆوە گوێدرێژیش بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە شەقێکی توندی لە قەپۆزی گورگەکە دا و تەواوی ددانەکانی شکاند، گورگەکە تەنانەت دەستێکیشی شکا. گورگ کە زۆر ترسابوو و ئازاری پێ گەیشتبوو هاواری کرد و وتی: زۆر گویدرێژێکی بەهێزی.

گوێدرێژیش وتی وایە هەر کەس لە کاری خۆیدا وەستایە. با تەمبێ بێ و هەتاهەتایە ئیشتیای خواردنی گۆشتی گوێدرێژ نەکەی!

گورگ کە شکستی خواردبوو لە ترسان بە شەلە شەل و ناڵە ناڵ ڕای کرد و لەوێ دوور کەوتەوە. لە ڕێگادا تووشی ڕێویەک هات: مام ڕێوی کە قەپۆزی خوێناوی و دەستی شکاوی گورگی دیت لێی پرسی: گەورەم ئەوە بۆچی وات لێهاتووە؟ ڕاوچی وای لێکردووی؟

گورگ وتی: ڕاوچی وای لێنەکردووم. من بۆخۆم ئەو بەڵایەم بەسەر خۆم هێناوە؟

ڕێوی وتی: « بۆخۆت؟ بۆچی؟ مەگەر چیت کردوە؟»

گورگ وتی: هیچ ویستم شوغڵەکەم بگۆڕم وام لێهات. کاری من قەسابییە زێڕنگەری و ئاسنگەریم نەدەزانی؟ بەڵام ویستم ناڵبەندی بکەم.

وەرگێران: پەیام

# ئێوەش دەزانن دەستی چەپ و ڕاستتان کامەیە؟

سارا کچێکی چکۆلە بوو، نەیدەزانی کامە دەستی راستی و کامە دەستی چەپییەتی.
دایکی سارا بازنەیەکی پلاستیکی سووری لە دەستی چەپی سارا کردبوو، بۆ ئەوەی سارا بەهۆی ئەو بازنە سوورەوە بزانێت دەستی چەپی کامەیە.
بازنەیەکی سەوزریشی لە دەستی ڕاستی سارا کردبوو، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو بازنە سەوزەوە دەستی راستی خۆی بناسێتەوە.
کاتێک دایکی، سارای دەنارده ئاشپەزخانەکە بۆ ئەوەی خوێدانی بۆ بهێنێت، دەی گوت: سارا گیان خوێدانەکە لە چەکمەجەکەی لای چەپی کومێدەکە دایە.
ساراش بۆ ئەوەی بزانێت لای چەپی کومێدەکە کوێیە، دەی گوت: دایە گیان چەپ کوێیە؟
دایکی ساراش پێدەکەنی و دەی گوت سەیری بازنە سوورەکەت بکەو بزانە کامە لای چەپە.
بەو شێوەیە سارا دەیتوانی خوێدانەکە ببینێتەوەو بۆدایکی بهێنێ.
سارا بچکۆلە بوو، زۆر شتی نەدەزانی. بۆیە دایک و بابی بەردەوام هەوڵیان دەدا شتی نوێی فێر بکەن.
ئەوان سارایان فێر کردبوو هەر مرۆڤێک ٢ دەستی هەیە و هەر دەستێکیش ٥ پەنجەی هەیە، کەواتە سەرجەم دەکاتە ١٠ پەنجە لە ٢ دەست دا.
ئەوان سارایان فێرکردبوو کە بەفر سپییە، ئاردو ماست و شیریش هەر سپین.
گەڵای دارەکان سەوزن و، بە شەو دنیا تاریک دەبێت و، بە ڕۆژیش خۆر هەموو وڵاتڕووناکدەکاتەوەو، تیشکی زێڕینی خۆرەکە زەوی گەرم دەکاتەوە.
سارا فێر ببوو کە، پشیلە دەمیاوێنێ و دەڵێت: میاو میاو.
قەلە ڕەشە دەڵێت: قار قار، کۆتر دەڵێت: گم گم. سەگیش دەوەڕێت و چۆلەکەش جیکە جیک دەکات و دەجریوێنێت.
سارا فێر ببوو کە ئەگەر کتری لەسەر گاز دابنێین و، ئاوی تێ بکەین، ئەوە ئاوەکە دەکوڵێت و قوڵتە قوڵت دەکات و نابێت لەو کاتەدا دەست لە کترییەکە بدەین چونکە ئەوە کارێکی



ترسناکە. منداڵیش نابێت دەست لە شەمچە بدات و کایەی پێ بکات.
دایک و بابی سارا، سارایان فێر کردبوو کە سڵاو لە گەورەکان بکات و ڕێزییان لێ بگرێت و، دەست و دەم وچاوی بشوات و پاک و خاوێن بێت.
ئیدی سارا زۆر شت فێرببوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە نەیدەتوانی بە ئاسانی دەستی ڕاست و چەپی لە یەکتر جیا بکاتەوە.
دایکی سارا زۆر جار بە سارای دەگوت کە دەتوانی بەهۆی بازنەکانەوە دەستی ڕاست و چەپی و لاقی ڕاست و چەپی لە یەکتر جیا بکاتەوە.
بۆ نموونە دەیگوت سارا ئەو دەستەی کە بازنەی سووری تێدایە بخە سەر لاقت ئەو کاتە دەزانی کامە لاقی راستەتەو کامە لاقی چەپتە.
بەڵام سارا بەهۆی سەعاتەکەی دایکیشیەوە دەیزانی کامەیان دەستی چەپی دایکییەتی. چونکە دایکی سەعاتەکەی دەکردەدەستی چەپییەوە.
ڕۆژێکیان دایکی سارا خەریکی چێشتلێنان بوو، کە بە هەڵمەکە دەستی چەپی سووتا، بڕێکی پێستەکەی داماڵڕا، بۆیە بە ناچاری سەعاتەکەی لە دەستی ڕاستی کرد.
سارا پێی سەیر بوو، بۆ گوتی: دایە، بۆچی دەستی چەپت هاتۆتە ئەو لایە؟
دایکی سارا زۆر پێکەنی و گوتی سارا گیان دەستم سووتاوە.
ئێستا سارا بە بێ بازنەکانی دەتوانێ دەستی چەپ و ڕاستی لە یەکتر جیا بکاتەوە.
ئێوەش دەزانن کامە دەستی ڕاستتانەو کامە دەستی چەپتانە؟

وەرگێڕان: هانا وریا

# بەسەرهاتی ڕێوی و لەقلەق

ڕێوییەک و لەقلەقێک بە یەکەوە هاوڕێ بوون، جار جار دەچوون بۆ لای یەکترو دەردە دڵیان بۆ یەکتر دەکرد. ڕۆژێک ڕێوی بە حاجی لەقلەقی گوت خۆ تۆ تا ئێستا نەهاتووی بۆ ماڵی من، بانگهێشتت دەکەم بۆ ماڵی خۆم.

بۆ سبەینێ حاجی لەقلەق بەرەو ماڵی مام ڕێوی وەڕێ کەوت. مام ڕێوی سفرەی ڕازاندەوەو ئەو ئاشەی کە بۆ قووڵی لەسەر سفرە دانەنابوو. چونکە بۆخۆی لمبۆزو زمانی پان بوو و بە ئاسانی دەیتوانی خواردن بخوا هەرچی دای نابوو خواردی. بەڵام حاجی لەقلەقی بێ چارە نەی توانی هیچ شتێک بخواو نا عیلاج بە سگی برسی بەرەو ماڵەوە وەرێ کەوت و لە کاتی ڕۆیشتنەوەدا مام ڕێوی بۆ نەهاری سبەینێ بانگهێشت کرد. سبەینێ مام ڕێوی چووە ماڵی



حاجی لەقلەقی لێنابوو لە دەوری کردو لە پێش حاجی لەقلەقی دانا. ڕێوی فێڵ باز ئەو ئاشەی لێی نابوو وەک ئاو وابوو. لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی حاجی لەقلەق ناتوانێ لەو دەورییە پەلە دا خواردن بخوا قاپێکی حاجی لەقلەق، لە نزیک ماڵەکەی بۆنی خواردنێکی خۆش دەهات زاری مام ڕێوی پڕ بوو لە ئاو، بەڵام کاتێک سفرەیان ڕاخست حاجی لەقلەق تونگەیەکی باریکی پڕ کرد لە خواردن و داوای لە مام ڕێوی کرد کە دەست بە خواردن بکا. بەڵام مام ڕێوی نەی دەتوانی لمبۆزی بخاتە نێو ئەو تونگەیە و ناعیلاج بە حەسرەتەوە چاوی لە حاجی لەقلەق دەکرد کە چۆن بە ئیشتیا ئەو خواردنە خۆشە دەخوا. ئەویش بە برسییەتی بەرەو ماڵەکەی وەرێ کەوت.



ڕێوی داری فێڵبازی خۆی خوارد و بەڵێنی دا کە ئیدی بەو شێوەیە هاوڕێکانی فریو نەداو لەگەڵ ئەوان دا ڕاستگۆ بێ.

و: دایکی نارین

## ئەو ڕێوییە فێڵبازەش بە دڵی خۆتان ڕەنگ بکەن



## یاری کردن

پرۆژە و پرۆڤە خوشک بوون. پرۆژە تەمەنی سێ ساڵ بوو. پرۆڤە تەمەنی دووساڵ بوو. ڕۆژێک پرۆژە وتی: پرۆڤە با بچین بۆ سەر رووبار تەماشای ماسی و بۆق و قرژاڵ بکەین. پرۆڤە وتی: ناچین بۆ سەر رووبار لە رووبارەکە بکەوین دەخنکێین. ئەو جار پرۆژە وتی: با بچین لە سەر شەقام یاری خەت خەتێن بکەین. پرۆڤە وتی: لە سەر شەقام خەت خەتێن ناکەین، ماشێن لێمان دەدات و دەمان کوژێ. پرۆژە وتی: دەورە با بچین لە حەوشەی خۆمان ئاگر بکەینەوە و لە دەوری ئاگرەکە یاری بکەین. پرۆڤە وتی: لە حەوشە ئاگر ناکەینەوە خراپە مەترسیی سوتانی خۆمان و ماڵەکەمان هەیە. ئینجا پرۆژە وتی: ئاخر زۆر وەڕەز و بێ تاقەتم ئەی چی بکەین؟ پرۆڤە وتی: وەرە با بە دایکمان بڵێین بابمانبات بۆ پارکی ناوشار، لە ناو پارک هەموو جۆرە یاریەکی لێیە دەتوانین بە مەیلی خۆمان یاری بکەین. ئینجا پرۆژە و پرۆڤە لە گەڵ دایکیان ڕۆیشتن بۆ پارک و تا ماندوو بوون یارییان کرد.

هاوڕێ مارف




## جیاوازییەکانی ئەم وێنانە ببیننەوە








# ئایا دەزانن؟





ئایا دەزانن
زەڕافەکان کاتێک کە لە دایک دەبن ٢مەتر درێژن؟



ئایا دەزانن
٨٥٪ «هەشتاو پێنج» لەسەدی گیاکان لەناو ئوقیانوسەکاندا زیاد دەکەن؟



ئایا دەزانن
تەنیا شتێک کە لەناو ئەسید دا ناتوێتەوە ئەڵماسە؟

ئایا دەزانن
کەروێشکەکان و تووتییەکان بێ ئەوەی سەر بسووڕێنن دەتوانن پشتی سەری خۆیان ببینن؟





ئایا دەزانن
یەک کوللە دەتوانێ ٣٥٠ بەرابەری درێژایی خۆی باز بدات؟



ئایا دەزانن
پەپوولەکان چێژی خواردن بە لاقەکانیان تاقی دەکەنەوە؟



ئایا دەزانن
بەهێزترین ماسولکەی لەشی مرۆڤ زمانییەتی؟



# هاوڕێ

منداڵەکانی هاوڕێم
شێعرو گۆرانی ئەڵێم
شێعری گوڵ و پەپولە
چرۆی ساوای خنجیلە
کانی و چۆم و دارستان
وەرزی بەهار و زستان
ئەودەمانەی کە چرۆ
لێو بەخەندە دێتە گۆ
ئەڵێ: هەرچی جوانییە
ئەوەی کامەرانییە
چاوی ئەوێ بۆ بینین
عەقڵی ئەوێ بۆ زانین
بە یارمەتی کەس و کار
وریا و چالاک و ڕێدار
فێربن ڕەوشتی جوانی

سەرچاوەی کامەرانی
هاوڕێ بگرن بۆ یاری
بۆ خەندەی کوردەواری
نیشتمانمان بەهەشتە
سەیرانگای، دەرو دەشتە
رووبارو کانیی بەفرین
دیمەنی جوان و زێوین
جریوەی مەلی سەر چڵان
خوناو هێنە بۆ دڵان
منداڵەکانی هاوڕێم
بەکوردی بۆتان ئەدوێم
زمانی شیرینی کوردی
بۆ جوان و پیر و وردی
ڕێچکەو ڕێبازی بوونە
نەبوونی، لەنێو چوونە
لیباسی پاک و ڕەسەن
ئاڵ و والآیەو چەلەن

هەڵبژاردەی گەلانە
یادگاری باپیرانە
بۆیە لیباسی کوردی
جوانە لە بەژنی وردی
نەکەن بۆ تەنیا ساتێ
لە یادی کەن وەڵاتێ
کە ناوی کوردستانە
نیشتمانی کوردانە
هاوڕێ بگرن لە ژینا
لە قووڵایی ئەوینا
یەک ڕەنگ و یەک بڕوا
بن
دایم چەشنی برا بن
قەت پشتی یەک بەر
مەدەن
با رازاوە بێ وەتەن

حەڤین

# هەرای چەقۆ و پەتاتە

چەقۆ لە چێشتخانە پاڵی بە دیوارەوە دابوو. هێرەڵماسییەکان لە نێو دەفریکدا سرتوو خورتیان بوو!

چەقۆ لە دەستی کەلەکەی نا،بە بزەوە گوتی: ئەوە باسی چی دەکەن؟

سێوە بن عەرزیلە گوتیان: باسی تۆ!

چەقۆ گوتی: بە چاک یان بە خراپ!؟

تێکڕا گوتیان: بە خراپ!

چەقۆ گوتی: خراپی من چییە؟

هێرەڵماسی گوتیان: چی لەوە خراپتر، بگەی بە هەر چییەک، سەری دەبڕی و لەت و کوتی دەکەی!

چەقۆ گوتی: باشە، باوابێ دواتر وڵامتان دەدەمەوە، بەڵام ئێوە بێژن چاکەتان چییە؟

سێوە بن عەرزیلە گوتیان: لەوە باشتر چی هەیە، بۆ خواردن دەبین، بۆ دەرمان دەبین، ئێمە بۆ مرۆڤ بەهرەمان زۆرە و هێرەڵماسی کوڵاو بۆ مرۆڤ سوود و قازانجی هەیە.

چەقۆ گوتی: منیش منیش ئەم شتانە دەزانم. بەهرەی زۆرم بۆ مرۆڤ هەیە!

هێرەڵماسی لە تاوەکەدا چەند جارێک هەڵبەزین، گوتیان: لە برین و بریندار کردن بەو لاوە، چی باشت هەیە، گەلێ جاریش بە دەمی تۆ زۆر کەس دەکوژرێ و ئاژەڵ و باڵندەش سەر دەبڕێ!



چەقۆ گوتی: ئیتر ئەوەیان تاوانی من نییە، خەتای مرۆیە، ئینسانی باش بۆ کاری باش بە کارم دێنێ و جەڕراحی و نەشتەرگەریم پێدەکات، هەزاران دمڵ و لوو، برین و شێرپەنجە و نەخۆشی بە دەمی تیژی من لادەبرێ، مرۆی خراپ بۆ کاری ناشیاو بە کارم دێنێ، ئەوە نییە کابانی خراپ و نەزانیش فرە ئێوە لە ڕۆندا هەڵدەقرچێنێ و سوورتان دەکاتەوە، دەبنە هۆی دروست بوونی نەخۆشی و تەنانەت شێرپەنجەش!

سەلاح نیساری (بۆکان)

# بە دڵی خۆتان پی ڕەنگێنن





# وڵاتەکەمان بناسین

## «ئەیوان»

یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای ئیلامی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە دەکەوێتە ٤٥ کیلۆمیتریی باکووری شاری ئیلام.

ئەیوان لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیایی یەوە لە باکوورەوە لە گەڵ پارێزگای کرماشان، لە باشوورەوە لە گەڵ ئیلام، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شارستانی شیروان چەرداوڵ و لە رۆژئاواوە لە گەڵ شاری مەندەلی سەر بە باشووری کوردستان سنووری هاوبەشی هەیە.

شارستانی ئەیوان لە نێوان سێ کێوی «مانیشت» و « شێرە زوڵ» و «بانکۆڵ» هەڵکەوتوە، هەر بەم بۆنەیەشەوە ئاوو هەوایەکی خۆشی هەیە، وەک ناوچەی کوێستانی (ئێلاخی) پارێزگای ئیلام ناوبانگی هەیە.

شارستانی ئەیوان لە دوو بەخشی « زەرنە» و بەخشی مەرکەزی « ئەیوان» پێک هاتووە.

بە پێی ئامارەکان شارستانی ئەیوان نزیک بە ٧٠٠٠٠ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە کە هەموو خەڵکەکەی کوردن و بە زاراوەی کەڵهوری قسە دەکەن، هەروەها هەموو خەڵکەکەی موسڵمانی شیعە مەزهەبن.

ناوی کۆنی ئەم شارە تا سەدەی ١٣ زایینی « تاریۆخان» بووە، پاشان لە کاتی دەسەڵاتداریەتیی رەزاخانی پەهلەوی و لە سەر داوای رەزاخان ناوەکەی بۆ « باخ شا» دەگۆردرێت، و لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ناوەکەی کرایە «ئەیوان رۆژئاوا» و دواتریش بوو بە «ئەیوان».

شاری مێژوویی ماسبەندان «ماەسپندان» و شاری مێژوویی «زەرنە» کە مێژووەکەیان دەگەرێتەوە بۆ ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پێش لە زایین لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون. خەڵکی ئەم ناوچەیە پێش داگیر کردنی ناوچەکە لە لایەن موسڵمانەکانەوە و پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان پیرەوی ئایینی « زەردەشت» بوون، کە هەنووکەش ئاگرکەدە (آتشکدە) «سیاگوڵ» وەک یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویەکانی ئەو سەردەمە لە نزیک شاری ئەیوان ماوەتەوە.



ئاگرکەدەی سیاگوڵ

لە شا خە کا نی ئەم ناوچەیە چەندین چۆم سەرچاوە دەگرن، و چۆمی « کەنگیر» کە لە کێوی مانیشت سەرچاوە دەگرێت پڕ ئاوترین چۆمی ئەم دەڤەرەیە، کە بەشێکی زۆر لە زەوی یە کشتوکاڵییەکان و باخەکانی ناوچەکە بە ئاوی ئەم چۆمە ئاودێری دەکرێن.



کێوی مانیشت

زۆرینەی خەڵکی شارستانی ئەیوان بە کاری کشتوکاڵ و باخ داری و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن و بژێوی ژیانیان بەم شێوە دابین دەکەن. ساڵانە رێژەیەکی زۆر گەنم، جۆ، گوڵەدان (ذرت) و پەتاتە و شووتی لە زەوییە کشتوکاڵیەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت. هەروەها بە رێژەیەکی زۆریش هەنار، هەرمێ، گوێز، ترێ، قەیسی و کۆخ لە باخەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت کە بۆ فرۆشتن رەوانەی هەریمەکانی دیکەی ئێران و ناوچەکە دەکرێن.

بوونی چەندین ئاسەواری کۆن و مێژوویی وەک: ئاگرکەدەی سیا گوڵ، تاق شیرین و فەرهاد، قەڵای شمیران، پردی شێرپەنا، ئەشکەوتی تلیسم، زیارەتگای ئیمام زادە عەبدوڵڵا و شوێنەواری سروشتیی جوان وەک: سەیرانگای خۆران، سەیرانگای پڵنگەرد، تەنگەی دالاهۆ، تەنگەی کۆشک، کێوی مانیشت و جەنگەڵ و دارستانە بەرفراوانەکانی ئەم ناوچەیە گرینگی یەکی تایبەتی لە رووی تووریستی یەوە بەم ناوچەیە بەخشیوە کە ساڵانە خەڵکانێکی زۆر بۆ گەشت و گوزار روو لەم ناوچەیە دەکەن.

ئا: کانی وایان

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



یەسنا سۆفی



سانا، سۆنیا و یاسا



ئەوین شێخانی



هەریا و کارین



بێخاڵ عەلیپوور



نەمام عەبدوڵلاهی



نارین کەنکاش



بێگەرد خەلیفەزادە



لینا



خانی سۆفی